# شێوەگۆڕینی ئایین لە جیهانی مۆدێرنەدا

## سەبارەت بە ئایین و سێکولاریزم

پیتەر سلۆتەردایک
لەئەڵمانییەوە: بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

(١ – ٢)

ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات، کـــــۆمـــــێنت لەبارەی چارەنووسی ئایین و ئـاییندارییـــــەوە، لەســـــەردەمی پەیدابوونی هەلومەرجە مۆدێرنەکانی جیهـاندا بدات، یەکـــڕاست خــــۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەمکێکدا دەبینێتــەوە، کە لە لایەن نووسەرانێکی بێ شـومـارەوە وەک کلیلێکی گشتی مامەڵەی پێ کراوە، لە پێناوی ئەوەی دەروازەیەک دروست بکەن تا لێـــوەی بچنە نێــو هەموو ژوورەکانی ماڵە گشتییە نوێکاتەکەی مرۆڤایەتی ئەورۆ- ئەمـــەریکاییـــەوە، ئەویش بریتـــیـــە لە: سێکولاریزاسیۆن Säkularisation.

ئەم چەمکە ســەرەتا زاراوەیەکی یاســایی بوو، کــە بەڕادەســـــتکردنێکی کــــەم تا زۆر توندەوە لە لایەن خاوەندارانی کڵێــسەوە لە ڕێی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مــۆدێرنەوە دوای شـــۆڕشی فـەڕەنسـیی ناوی لێنرا، لە سەدەی ١٩دا وەک ئەو گوزارەیە گەشەی سەند کە وا دەردەکەوت بە تەواوەتی دەربڕی ئاراستەی ڕەوتی جیهـانگیری بێت، واتە لە دیدی پێشکەوتنخوازەکانەوە بریتی بوو لە ڕاســـتی و بە پێی باوەڕی دۆڕاوەکـــانی خــۆمــۆدێرنەکــردنیش شــتــێکی هەڵە بوو. لە کـایەی کـاتۆلیکـیدا وەک ئەو تاوانەی سـەردەم قـسـە لە بارەی سێکولاریزاسیـۆنەوە دەکرا، کە جیـهـانە نارسیـستـە هیـومانیـتێرەکەی مۆدێرنە لە ڕاپەڕینەکەیدا لە دژی ئەو بنەڕەت و بنەچانەی خـودا داویەتی، ئەنجـامی داوە. لە کــاتێکدا بەلای پێــشکەوتنخـــوازەکــانەوە گــوتەی سێکولاریزاسیـۆن هەڵگری ئەو گفتـەیە، کە مرۆڤـایەتی دەتـوانێت لە ڕێی ئیـــشکردن و مـــافی دیاریکردنی چارەنووسی خـۆیەوە، خـۆی لە مـێژووە ناشـایسـتـە و ئاییـنییـەکەی پێـشـووی خـۆی ڕزگـار بکات. هاووڵاتی



**پیتەر سلۆتەردایک**

ڕۆشنگەر لەو باوەڕەدا بوو کە توانایی ئەوەی هەیە، ئەو قەبارە بێبەرهەمەی موڵکدارانی ڕوح لە موڵکایەتی بخەن و ڕادەستی مرۆڤایەتییەکی چالاکی ناو جیهانی بکەن. لەوەشدا کە کۆڵەکەکانی گەنجینەکانی کلێسە بۆ سەرمایەیەکی ئەکتیڤ گۆڕدرا ، بەمە سێکولاریزاسیۆن لە مانایەکی زۆر تەنگی خۆیدا، مۆدێرنکردنە زەقە مێژووییەکەی موڵکدارەکانی لەناوبرد. سەرەتاش دەبوو ڤاتیکان ڕەدووی ئەم تەوژمە بکەوێت، کە بەمەش خێرا فێری ئەوە بوو لەو بازدانەیدا بەرەو پراکتیکەکانی سەرمایەی دارایی دای، ناوبانگی خۆی دووبارە بەدەست بهێنێتەوە. پەڕینەوە لە فۆرمی گەنجینەی موڵکایەتییەوە بەرەو فۆرمی سەرمایە بە شێوەیەکی زۆر پێویستانە ڕووبەڕووی هەموو بوارەکانی تری بەهاکانیش بووەوە.

بەم پێیە لە ئەنجامدا سێکولاریزاسیۆن بووە نازناوێک بۆ ماڵئاواییکردنی کۆمەڵگای هێزەکانی کار و تەکنیک لە هەموو ئەو شێوازانەی بیرکردنەوە کە لەسەر بەڵگەنەویستەی پاسیڤیتێت و نەکردەیی و زەلیلی هەڵچنرابوون. مۆدێرن ئەو کەسەیە کە باوەڕی بەوە بێت، ئەو دەتوانێت تا ئەوپەڕی سنوور بتوانێت شتێکی تر بکات وەک لەوەی خۆی بداتە دەست خودا و هێزە باڵاکان. چیتر مرۆڤی مۆدێرن ناخوازێت بەدەست توندوتیژی باڵاوە ئازار بچێژێت، بەڵکو خۆی ببێتە ئەو هێزە باڵایە. گوتاری سێکولاریزاسیۆن کشانی جۆرە مرۆڤێکی نوێی وەک پرۆگرامێکی بەجیهانیکردن لە دوورترین مانایدا ڕاگەیاند، کە پرۆگرامێکی سێ لایەنی هەیە: لایەکی بۆ ئیش پێ کردنێکی هەمەلایەنی، لایەکی بۆ خۆچالاککردنێکی بەردەوامی هەمیشەیی و لایەنی هەڵکشانی چێژبینینێکی خۆییانە لە واڵاکردنەوەی هێز و توانا خۆییەکاندا. بەلای مرۆڤی مۆبیلیزەکراوی ئەم تەوژمەوە، خودا دەبێتە ئەو ئەگەر و شیمانەیەی کە بۆ ئیشوکارەکەی پێویستی نابێت. ئەو خودایەی لەناو نەریتە تیۆلۆگییەکاندا وەک سەرچاوەی یەکەمی ڕزقی مرۆیی بەپێدانی ژیان و هەبوون دەپەرسترا، ئیتر بەکردەوە لەناو بازرگانییە تەواو بەرفراوانکراوەکەیدا و لەناو دنیای کاروبارەکان و دنیای خواستەکانیدا دەبێتە شتێکی زێدە. ئەو جەمسەرێکی سەروەری پێویست بوو، کە بەرانبەر پێکهاتە لاوازەکەی مرۆڤایەتی ڕاوەستا بوو. وەک ئەوەی ئێستا لامان دیارە، لاوازیی مرۆڤ بریتی بوو لە هۆکاری ڕاستەقینەی بەهێزی خودا. خودایەکی باڵاهێز کە وەک خودانی توندوتیژییەکی باڵا و وەک هۆکاری یەکەمی جیهانە ڕێکەوتەکەی مرۆڤ ، ویستی بە شێوەیەکی جیاواز هەموو وتەیەکی جوانی تیۆلۆگیا لە دژی ئازادی مرۆیی گەمارۆ بدات، دەبوو لە سەردەمی ئیشکەران و خاوەنکاران و خودهاریکاران و مۆبیلیزاتۆرەکاندا ئیتر ببێتە شتێک کە چیتر پێویست نەبێت و بەکارنەیەت، ئیتر ئاوەها ئەو وەک خودایەکی بە دەسەڵات لەسەر زەوی بووە شتێکی نامۆ، بووە شێوێنەرێکی سەرووزەمینییانەی جووڵەی خۆویستانەی شارستانیەت. بۆ ئەوەشی خۆی بە لەرەلەر و فریکوێنسی ڕەوتی هەنووکەییانەی جیهانەوە ببەستێتەوە، دەبوو خودایەکی هاوچەرخ وەک هاوبەشێک لە ئەکتیڤکردنەوەدا خۆی بنوێنێت و خۆی بگۆڕێت بۆ ژێدەرێکی ترانسێندێنتاڵی ئیشوکارکردن، ئەگەرنا لە حاڵەتەکەی تردا دەبووە خودایەکی پشوودانی پەتی و هیچی تر، واتە خودای حەوانەوە، خودایەک بۆ ساتە خۆش و ناخۆشەکان. لە هەر کوێیەک، ئەو شتانەی ئێمە دەیانکەین، لە هەموو جێیەک هەروەک ئەوەی کە لە خۆیانەوە بڕۆن، لەوێدا خودا، یان بەرەو ئەگەرێکی نەزۆک و پووچەڵ ڕۆدەچێت ، کە هەڵبەتە ئەمەش بۆ تەواوی هەموو بوارەکانی ڕێکخستنی ژیانی مۆدێرنە دروستە، یان ئەوەتا شێوەی خۆی بۆ پەیکەرێک گۆڕیوە کە لێوەی وەک سپۆنسۆرێکی ترانسێندێنس/ باڵایی سەرکەوتنێکی ئیمانێنتی/

زەمینی هێناوەتە ئاراوە. لە دیدە مێژووییەکەیدا ئەم میتامۆرفۆزە بەر لەهەر شت خۆی بە ئەو ئینگلیزاندن و ئەمەریکاندنەی ئایینەوە دەبەستێتەوە کە ولیەم جەیمس وەک گەواهیدەرێکی چالاک و پڕ زانیاری بۆی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ شوێن ئاماژەکانی ئەو بکەوێت، دەتوانێت تێگەیشتنی زیاتری لە دینامیکیەتی پیشەسازی باوەڕ لە بواری دەستەڵات و کاریگەرییەکانی لەناو ئیمپراتۆریەتی قسەکەرانی زمانی ئینگلیزیدا دەست بکەوێت.

لەپاڵ مانا مافئارایی و یاسائارایییە سەرەتاکانی ئەم دەستەواژەیە، هەروەها شێوەگۆڕینەکانی لەناو شۆڕشی کولتوورییانەی سەدەی ١٩ و ٢٠دا، هەروەها دەشێت دەستەواژەی سێکولاریزاسیۆن لە مانایەکی فەلسەفیشەوە هەڵبسەنگێنرێت، ئەمەش لەو ڕۆژگارەدا دەردەکەوێت، کاتێک ئێمە بەجیهانیکردن چیتر بەوە تێ نەگەین کە تەنیا بریتی بێت لە «لە موڵکایەتی خستنی گەنجینە ڕوحییەکان»، یان وەرچەرخانێکی هێوری پاسیڤیزم بەرەو ئەکتیڤیزم بێت، بەڵکو ئەو کاتە دەبێت کە جیهان بەرز بکەینەوە بۆ تێگەیەکی بێ دژیاری هەبوون. لە مانا فەلسەفی و ئۆنتۆلۆگییەکەیدا، بەجیهانیکردن Saek-ularisation , Verweltlichung واتا بەرەهاکردنی جیهان Saeculum بە پاکتاوکردنێکی هاوکاتانەی لەو دوو هێزە گەورە و دەرەسروشتی و بالاییە ناجیهانییەی، کە لە مۆدێلی میتافیزیکی کلاسیکیدا جیاوازە لە جیهان، بگرە دژیاری ئەو بوون، واتە: خودا و ڕوح.

هەرکاتێک ئەوەی دەستەواژەی جیهان لە زاراوەی بە جیهانیکردندا بخاتە نێو ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵەوە، ئەوە وەک ئەوە وایە ئەو شتە نەشیاوە بڵێت، کە لە پاڵ «جیهان»دا جێگاش بۆ دوو جەوهەری بەتوانستی ئۆنتۆلۆگی وەک «خودا» و «ڕوح» والا بکاتەوە، بەمەش سێگۆشە میتافیزیکییە کلاسیکییەکەی «خودا، جیهان، ڕوح» تەقێنرایەوە و لەجێگەی ئەودا ئەو مەودا باشەی نێوان جەمسەرەکانی تۆتالیتێتە سێلایەنییەدا ئیتر ئێستا بلۆکێکی ڕەهای یەکانگیری جێگەی گرتووەتەوە، کە بریتییە لە «جیهان» و بەس، ئەمیش ئەگەرچی لەناو خۆیدا جیاوازە و هەبوونی خۆمان بە شێوەیەکی فرەڕەهەندانە لەناو ئاڵۆزکارییە بێ بناغەکەیدا دەگرێتە خۆی، بەڵام ئەو ناهێڵێت هیچ لایەکی تر لە سەرووی خۆیەوە هەبێت، یان تایبەتمەندی بەسەردا بسەپێن، ئیتر هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا لەژێر ناوەکانی خودا و ڕوحدا زانراو بوون، چیتر دەبێت لەناو بلۆکی جیهاندا لەژێر ئیفێکتەکانی جیهاندا ڕیزبەند بکرێن.

ئێستا ئەمە کارایە: جیهان بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە ئارادان. خۆ ئەگەر یەزدان و ڕوح بەڕاستی لەئارادا بوونایە، ئەوە دەبوو ئەدگارێکی جیهان، یان خەسڵەتێکی دەسەڵاتی جیهان بوونایە، خۆ ئەگەر لەئارادا نەبن، ئەوە ئەوان نائامادەن. ئەوان وەک نا- ئارا دەمێننەوە و بەرەو ناڕاستەقینەیی هەڵدێن.

لە هەموو ئەو حاڵەتانەی لە ئارادان، جیاوازییە کلاسیکییەکەی نێوان جیهان و ڕوح چیتر هەروەک جیاوازییەکەی نێوان خودا و جیهان لە ئەنجامی بەجیهانکردنە ڕادیکاڵەکەی دوای میتافیزیک کار ناکات. جیهان خۆی لە گرمۆڵکەیەکدا دەپێچێتەوە، کە تێیدا هەموو جیاوازییەکان لە خۆیدا یەکلا دەکاتەوە. لەناو ئاماژەی بە جیهانیکردنی سەردەمی نوێکاتدا، کە ڕاستییەکەی ڕەنگە دەستەواژەی جیهاناندن دروستتر بێت، سەرانسەری گرفتەکەی جیهان بەرەو زەبەللاحێکی ئۆنتۆلۆگیانەی فۆرمێک گەشە دەسێنێت کە بەزەحمەت تێگەیەنراو دەبێت. بەم پێیە سێکولاریزاسیۆن، بەجیهانیکردن، بەدەر لە ناوەڕۆکی شۆڕشی کولتوورییانەی مۆدێرنەکردنیشەوە، دەشێت بریتی بێت لە ناوونیشانێک بۆ گۆڕانی وێنەی جیهانی پێوەرێکی بەسام. باڵی دەستپێشخەرانەی مرۆڤایەتی هەنووکە بە سەرچڵیکردنی ئەم بەجیهانیکردنەی لە لایەن کۆمپلێکسە ئەورووپی - ئەمەریکییەکەوە، لە ڕووی تەکنیکی و لۆگیکی و پسایکۆلۆگییەوە خۆی بەرەو شتێکی نوێ و بێ وێنە بەرەو پێشەوە برد. ئەگەر بمانەوێت ڕابوونێکی مێژوویی فیکری سەبارەت بەو توندوتیژییە جیهانبزوێنە بێ وێنەیە بهێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەوە دەبێت تا سەرهەڵدانی کولتووری باڵاکان و تا بە کریستاڵبوونی ئەوەی کارل یاسپەرز پێی دەگوت فۆرمی بیرکردنەوەی «سەردەمی جەمسەرەکان»، بگەڕێینەوە.

کولتووری باڵاکان بەر لە سێ هەزار ساڵێک وەک کۆمپلێکسێکی تازەی گەشەسەندووی دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی و وەک ڕاڤەیەکی میتافیزیکیانەی

جیهان هاتنە سەر پلانەکە. ئێمە لە ڕوانگەیەکی لۆگیکییەوە لە باشترین دۆخدا ئەوانە بە ئەزموونی مەزن سەبارەت بە جیاوازی نێوان «ڕوح» و «شت»، واتە سەبارەت بە جیاوازی سوبیەکتیڤیتێت و ئۆبیەکتیڤیتێت، تێ دەگەین. ئیدی لەم جیاوازییە ناوازەیەوە، هەم فیکری دووبەهایی بووە توانستێکی مێژوویی جیهان و هەمیش بێ شومار ئەو دووانەلێکدژانەی تر داتاشراون، کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕوحی و دەروونی لەناو کولتووره باڵا جیاوازەکاندا شتی یەکلاکەرەوە بوون، وەک: ڕوحدار و بێ ڕوح، زیندوو و مردوو، ئامراز و ئامانج، دەروون و میکانیزم، سوبستانسی بیرکەرەوە و پەلهاویشتوو، ڕوح و مادده، ئامادە و نائامادە.

کولتووره باڵاکانی زوو تا وزەی زۆرتریان لە پێکهێنانی ئەم جیاوازییانەدا گەردان کردبێت، ئەوە دینامیکی ئەو شۆڕشە کولتوورییەی فیکری دووبەهایی تیژتر ڕەنگی دەدایەوە پێیانەوە، لە بەرانبەر جیهانبینییە تاکبەهاییە گیانەوەرییە تاکدەروونییەکەی جاراندا، ئەوە لەناویاندا چارەنووسی کولتووره باڵاکان زۆرتر دەردەکەوتن، بۆ ئەوەی ببنە سەرخانی باڵادەست بەسەر فۆرمە کۆنەکانی ژیانی سۆزداری سروشتییانە و خاڵی لە هونەر و دەستەڵاتەوە. هەموو ئەو ئیمپەراتۆریەتانەی لەسەر زەوی پەیدابوون و نغرۆش بوونەوە، بریتی بوون لە بورجی ناو بابلێکی دوانی، سەرکەوتنەکانیشیان لەناو شۆڕشێکی تەکنیکی و لۆگیکیدا دروست کردبوو لە دژی ئەوەی جاران دەستی بەسەردا نەدەگیرا، بەڵام ئێستا سروشت زۆرتر بووە بابەتێک، لەو شوێنەی کە کولتووره باڵاکان بینای سەرکەوتنەکانی خۆیان هەڵچنی، ئەمەش لە ڕێی بەرزکردنەوەی سوبیەکتیڤیتێت و دەروون و دەسەڵاتەوە ڕووی دا، لە هەموو جارەکانیدا بە هاوپەیمانی لەگەڵ خوداوەندەکانی و دامەزرێنەرەکانیدا، بەسەر چینە ناڕەوانییە و ئامرازگەرییە خزمەتکارەکەی ئۆبیەکتیڤیتێتدا.

لەناو جەرگەی کولتووره باڵاکاندا هۆشیارییە زاڵەکەی مافەکانی خودانی سوبیەکتیڤەکان و هی ڕوحدارەکان و هی خوداوەندەکان کاریگەری بەسەر شتەکان و بەسەر شتە بێگیانەکانەوە و بەسەر دەرەخوداوەندەکانیشەوە هەیە. هەموو ماشینە کۆنەکان و ئامرازەکان و چەکەکانیش بەو جۆرەی کە هەن لە خۆیاندا بریتین لەو شتە بێگیانانەی لەناو دەستی خودانێکی گیاندارەوە «هۆشمەندەوە» دارێژراون. دوالیزمی کولتووره باڵاکان سیما دیارەکەی خۆی لە چیرۆکەکانی ئەفراندنی جۆرەکانەوە لە گەنەسیسی جوولەکەدا بینیتەوە، لەو جێیەدا کە دوواندنی نەرمونیانێتی ئۆنتۆلۆگییانەی نێوان ڕوح و شت، یان سوبیەکت و ئۆبیەکت لە وێنەی خودایەکدا دەنوێنرێت، کە هەر شەش، یان حەوت ڕۆژەکەی کارکردنی بەرجەستەی دڵەڕاوکێیەکی قووڵی ئەفرێنەر لەسەر ئەفرێنراوەکەی دەکات. ئەوە تەنیا مرۆڤە، کە وەک سێیەمین مەزن و وەک نێرەمووکێکی ئۆنتۆلۆگی، ئەو نایەکسانییە قووڵەی نێوان ئەفرێنراو و ئەفرێنەری بەرێژەیی کردووە. بەوەی کە سەرباری ئەوەی ئەو ئەفرێنراوە، توانیویەتی لە ڕوویەکی خۆیدا لە شێوەی ئەفرێنەر دەرکەوێت.

وەکی تریش لەناو گەنەسیسی جوولەکایەتیدا سێگۆشە میتافیزیکییە کلاسیکییەکە: یەزدان - جیهان - مرۆڤ/ ڕوح، بە شێوەیەکی زۆر بناغەیی ڕوون خۆی بەرجەستە دەکات و هەر زووش بە تەواوەتی بەوەدا دەناسرێتەوە، کە چۆن دەبێت تیورییەکی دووانایەتی کارکردەییەکی گشتی بە دڵسۆزی پرەنسیپەکانی بمێنێتەوە و بەرێوە بڕوات، ئەو سوبیەکتیڤیتێتە ئەفرێنەرە بەهێزەی یەزدان دەناسێتەوە، کە وەک دروستکەرێکی باڵای خودانی هەموو شتەکان دەمێنێتەوە، لەپاڵ سوبیەکتیڤیتێتە لاوازەکەی مرۆڤدا، کە دیارە بۆ ئەوە بانگهێشت دەکرێت کە زەوی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

بێ گومان کولتووره باڵاکان بە سیمای شێوازە ئیمپەریالییەکانی خۆیان لەیەکتر جیاوازن، پەکین ڕۆما نییە، ئەسیناس شارێکی فارسی نییە، مەمفیسیش مەکسیکۆ نییە و ئەوانیش لە هەموو شوێنێکدا ناگەنە هەمان ئاستی ڕەقێتی لە بە شتاندنکردنی شتەکان و مرۆڤ، بەڵام لە هەندێک پێوەری تەکنیکایەتی ئیمپەریالیدا لەسەر بنەمای دابەشکردنی دووانایەتیدا هاوبەشن. هەڵبەت لەناو هەموو کولتووره باڵاکاندا بەردەوامییەکی نەپساو لەناو وێنەیەکی تاکلایەنیدا بۆ جیهان درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، وێنەیەک کە بەشێکی بە دوژمنایەتییەکی ئاشکراوە و بەشێکیشی بە

بەرپەرچدانەوەیەکی پەنهانەوە تەماشای ئەو دژەسروشتێتییە شۆڕشگێڕە پاوانخوازییەی دەسەڵاتە باڵاکە و فۆرمی بیرکردنەوە دەکات. ئەم بەرەنگارییە دژەدووانایەتییە زۆرجار لە شێوەی بڵندەگیبوونی ئەو میستیکانەی یەکبووندا دەردەکەوێت، کە لە زۆر شوێنی جیاوازی جیهاندا، بە زۆری لە هیندستان و ژاپۆن و ئەوروپادا، وەک جۆرێک ئەنیمیزم و هاندەری ڕووناکبیری دایانهێناوە، کە هەندێک جار لەوپەڕی نەرمونیانیدا پاشەکشەیەکی توندی تاکایەتیمان لە پشتەوەی ڕاڤەکردنە دووانایەتییەکەی جیهانەوە فێر دەکەن.

بەڵام کولتووره باڵاکان بە زۆری لە مەیلیاندا و لە سەرکەوتنی دەوڵەتەکەیاندا و لە خۆشبەختی دەسەڵاتدارەکەیاندا لە ڕاستەوخۆ بیانووهێنانەوەیان لە پەرۆشی و بایەخی یەزدانەوە و لە کردگارە ژیرەکەی جیهانەوە بۆ چارەنووسی ئەو پەیکەرە ئیمپیریالییە و ڕابەرەکەشی، لە یەکتری نزیک دەبنەوە.

لە ئیمپراتۆریەتەکاندا دەسەڵاتدارەکان وەک خەڵکێکی نموونەییانە لە خودێتی یەزدان نزیک دەخرێنەوە، جارێک وەک کوڕی یەزدان، جارێک وەک نوێنەری یەزدان، لە کاتێکدا خەڵکانی ئاسایی بە شێوەیەکی هاکەزایی لە هاوسێیەتی شت و کەلوپەلەکاندا ڕیزبەند دەکرێن. ژیان بە شێوەیەکی پێویست لەناو کولتووره باڵاکاندا بەرەو قەیرانێکی بەردەوامی ئەنترۆپۆلۆگی مل دەنێت، واتە لە ڕێی یاسایەکی ناڕوون و ناشەفافەوە قەڵەمباز دەدەنە ناو جیهانە مێژوویییەکەوە و وەک بکەرێکی سەرکەوتوو و کردگارێکی مێدیالی خۆیان دەگەیەننە خوداوەندەکان و دەست بە نووسینەوەی وتەکانی دەسەڵات و کارە زەبەللاحەکان دەکەنەوە، لە کاتێکدا زۆر لە خەڵکەکە مەحکوومن بەوەی وەک ئامراز و کەلوپەل دەرکەون.

جیاوازی نێوان گیانەکان و شتەکان، یان سوبیەکتەکان و ئۆبیەکتەکان بە شێوەیەکی ناچارانە گەردوونی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ دووکەرت دەکەن، بەو پێیەی کە لەژێر ئاماژەی نایەکسانی و باڵادەستی چینایەتیدا ئەوان بەیەک دەگەن، ئەوەش لەناو ئەم ڕوانگەیەی لێرەدا ڕوونمان کردەوە، وەک ئەنجامێکی پێویستی ئەو دۆخە دەردەکەوێت، کە لەناو میتافیزیکای کولتووره باڵاکاندا لە هەموو جێیەکدا مافی بەهێزکردنی دیوە ڕوحی و گیانئاراییەکە بۆ پیادەکردنی دەسەڵات و مافی خۆهەڵچنینی دەسەڵاتی سوبیەکتیڤیتێتی بەسەر ناسوبیەکتیڤەکاندا دەبێتە بیرۆکە، تەنانەت بیرۆکە پیداگۆگییەکەی خۆکۆنترۆڵکردن/ خۆزاڵکردن لە خۆیدا هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانی نیازێکی جووتەکییانە بەسەر ناخی مرۆڤدا، واتە: پەروەردەکردن، لەتێگە پلاتۆنییەکەیدا، بریتییە لەوەی: پیاوێکی جوامێری ناوەکی دەبێت کۆیلەیەکی ناوەکی پیشانی ئاغاکەی بدات.

لە کاتێکدا لە وێناندنە گیانەوەرییەکەی جیهاندا شتە ڕوحییەکە لە هەموو کاتێکدا بەلێشاو دێت و هیچ دژیارێکی لە ڕووی خۆیدا بۆ دەرناکەوێت، لەوێوە دوالیزمی کولتووری باڵا بەرەو کەمبوونەوەیەکی ترسناکی ڕوح و سوبیەکتیڤیتێت و دەسەڵات مل دەنێت. ئەوەی خودانی ئەوە بێت، ئەوە لەسەر دیوە هەتاوییەکی بوونەوەرەکان و شتەکان دەژی، واتە ئەو خەڵکانە لە تاریکیدا نابینرێن.

بەو پێیەشی سەردەمی میتافیزیکی کلاسیکی بە کەمێک تێگەیشتنەوە cum grano salis لە هاوشێوەی ئەو پەلهاویشتنە دەچێت کە لە ڕێیەوە بەکۆیلەکردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ڕووی داوە، ئەوە لەوەدا ئێمە بەڵگەنەویستەیەکی پتەومان هەیە، کە چۆن لەناو ئەو ڕژێمەدا سوبیەکتیڤیتێتێکی جوان خۆی بەرواڵاکرد، ئەوەشی کە زۆرینەیەکی گەورەی مرۆڤایەتی بەرەو شتەکان برد و ئەوانی لەهەر چانس و دەرفەتێکی بەسوبیەکت بوون و بە ڕوحی بوون دوورخستەوە، کردەوەیەک بوو ڕووبەڕووی کۆسپێکی ئەوتۆ نەبووەوە. بەبێ هیچ خۆماندووکردنێک وەها لەمە تێدەگەین، کە بۆچی لە ڕێی کاریگەرییەکانی لە ڕوح خستن و لە سوبیەکت خستنی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی بە مرۆڤ بوونەوە ئایینە فریادخوازییەکان هەراسانکران. ئەوان هیچ ئەرکێکی تریان نەبوو، ئەوە نەبێت کە بۆ قوربانییە لە ڕوح خراوەکان چانسی دووبارە بە ڕوح کردنەوە واڵا بکەن.

ئەگەر لێرەوە بیر لە پرۆگرامی بەجیهانی کردن لەناو مانا فەلسەفییە بەهێزەکەیدا بکەینەوە، ئەوسا تێ دەگەین، کە ئەوە لەناو شۆڕشی جیهان وێنا و شۆڕشی شێوازی ژیانی مۆدێرنیتێتدا بۆ چ ئەرکێک

هەڵدەسووڕێت. ئەوەشی لە دەمامکی سیاسییانەی مۆدێرنیتێتەدا وەک یەکەمین شت دێتە بەر چاومان، بریتییە لە بە دیموکراتیزەکردنی داوای ڕەوایەتیانەی مافی سوبیەکتیڤیتێت، کە ئەمەش بە ئینجیلێکی بێ یەزدانی ئیرادە بۆ دەسەڵاتەوە بۆ هەموو لایەک گرێ دراوەتەوە. تەوژمە قووڵە تاکگەراییەکەی پرۆسێسی شارستانی مۆدێرن لە هەردوو ئەو دوو ئەکسیۆمەوە/ بەڵگەنەویستەیەوە خۆراکی خۆی وەردەگرێت. لە کوێشدا هاونیشتمانی مۆدێرن هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، گوتار و چێژ لە خۆوەرگرتن وەک ڕەوتێک بدەن، لەوێدا سیستمەکانی دابەشکردنی بەرفراوانی دەسەڵات لەکاتی گونجاوی خۆیدا دەبێت، کە ئەمەش لە شێوەی دیموکراتیدا و لەناو سوبستانسێکی ئیمپەریالیدا بەڕێ دەکرێت.

لێرەوەیە ئیمپەریالی مۆدێرن بە شێوەیەکی فرەناوەند، تەکنۆکرات، میدیایی، بەربڵاو دەردەکەوێت، ئەو لەناو پلورالیزمی داواکانیدا و لەناو میدیۆمە ئابورییەکەیدا بازاڕ دروست دەکات، ئەو دروستکردنی بورجی پرینسیپەکانی بابل لە ڕێی تۆڕبەندی پرینسیپە پاشبابلییەکانەوە تێدەپەڕێنێت. گەر بە شێوەیەکی گشتی تەماشاکەین دەبینین شارستانێتی مۆدێرن لەسەر لووتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا ماڵئاوایی لە فیگۆری مرۆڤیخوایی کردووە ، واتە دەسەڵاتی مۆدێرنە دەبێت لەناو میزاجی بنەوە دامەزرێت، نەک لەناو کاریزماکاندا.

حاڵەتی ڕیزپەڕ لەناو ئەم ڕەوتەدا دەبێتە مایەی دروستکردنی پاپاگەری وەک پاشماوەیەکی ئیمپەریالی کۆن و بەخودا کردنێکی هەرەمەکییانەی ڕابەرەکان لەناو کولتووره تۆتالیتارەکاندا. هەڵبەتە سوبیەکتیڤیتێتە مۆدێرنە گەورە و بەتوانستەکان لەناو جیهانە یاسا ڕەهادارەکاندا ئەو دەرفەتە بزر دەکەن کە خۆیان بە لایەنێکی ڕەسمی دەرەجیهانییەوە پشت ئەستوور بکەن ، بەڵکو ئەوان دەبێت پێی خۆیان لەسەر خۆدابینکردن لە ڕێی ماف و تەکنیک و چارەسەرسازییەوە بچەسپێنن، بەمەش دوویەمین قەوارەی دەرەجیهان، کە بریتییە لە گیان/ نەفس، بنەما و هۆکارەکەی خۆی لە هاوسەرگیربوونی لەگەڵ خودا ڕزگاری دەبێت. لە کوێشدا جیهان تەنیا بووە هەموو ئەو شتانەی لەئارادان، ئەوە ئەوەی کە جاران پێی دەگوترا گیان، بە پێویستییەکی ناچارییەوە دەکەوێتە نێو کارتێکردنی جیهانەوە.

ئیتر سوبیەکتیڤیتێت بۆ ناو تەنێکی گیاندار دادەبەزێت، بۆ ناو دەزگاکان، بگرە لەوانەشە بۆ ناو ماشێنە باڵاکانیشەوە ، وردەکارییەکی کەم تا زۆر گیان لەناو تەماعە میتافیزیکییەکەیدا پاشەکشە پێ دەکات و خۆی لەناو ڕیزی فۆرمەکانی میکانیزمی سروشتییانەدا ڕیزبەند دەکات، وەک ئەوەی پەرجوویەکی دەمارییانەی ئینفۆرماتیکیی دەرە کۆمپلێکسی سروشت بێت.

ئیتر لە ئەنجامیشدا دەبێت دووانەلێکدژە کلاسیکییەکانی کولتووری باڵا ، وەک گیان و شت، سوبیەکت و ئۆبیەکت، ڕوح و مادده، تێگە باوەکانی خۆیان ون بکەن، ئیتر سەرەوە و خوارە لێک جیادەکرێنەوە ، ئەوەشی وادیار بێت سەر بە جیهانی ئەودیوە، ئیتر لەناو جیهانی ئەمدیودا هەڵدەلووشرێت، ئەوەشی پاشا دەیویست، ئەمڕۆ هەموو کەسێکی دیموکراتی دەیەوێت. ئەم سەرووئیمانێنزە ئاڵۆزکاوەش لەوەدا خۆی واڵادەکاتەوە کاتێک گوتارە ترادیسیۆنالەکانی ترانسێندێنس چ گرێدانەوەیەکی بەڕەوتی جیهانەوە نامێنێت. ئەمڕۆ ئەوانە وەک فۆلکلۆرە دوورەکان و وەک ئەو موزیکەی کاتی دانیشتن لەسەر خوانەکان دەژەنرا، لە گوێچکەی هەم ئاغاکاندا و هەم کۆیلەکاندا دەزرنگێنەوە. لەبواری زێدەئیمانێنسدا بەیەکاچوونێک لە نێوان هێز واڵاکردن و بۆشاییدا دروست دەبێت. لە هیچ شوێنێکیشدا ئامانجێکی ئۆبیەکتیڤی بۆ ئەو هێزانەش دانەنراوە، بەڵکو ئامانجدانان لە خۆیدا بووەتە ئیشی هێزەکان خۆیان. هەموو لایەک دەیەوێت بەردەوام بێت و هەڵکشێت، بەڵام هەنگاوەکانی هەڵکشان چیتر هیچ واتایەکی ترانسێندێنس شک نابەن، بەڵکو ئەوان هەر یەکەیان لە هەموو بارەکاندا چیرۆک و مێژووی تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن. بەم جۆرە وا دەردەکەوێت ئەو سەرنجە دروست بێت، کاتێک مرۆڤی مۆدێرنە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو دانیشتووی جێگایەکە پێی دەگوترێت جیهان.

جیهان – ئەرێ ئەوە لە کوێدایە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەمڕۆ ئەسترۆفیزیکەکان و لێکۆڵیارانی مێشک لە کێبڕکێکەیاندا لەگەڵ پسایکۆلۆگەکان و مێدیاتیوریسازەکاندا دەکەونە پلەی دووەمەوە، بەڵام هەر وەک هەمیشە وەڵامەکان نادیار ماونەتەوە: شوێنی مرۆڤ

ناکرێت چیتر وەک شوێنی ناوەڕاست لە نێوان جیهان و یەزدان دیاری بکرێت وەک ئەوەی لە ڕۆژگاری پێوەندییە سێگۆشەییە کلاسیکییە میتافیزیکییەکەدا دەکرا، هەروەها چیتریش جیهانیش بەو شوێنە پێناسە ناکرێت کە یەزدان خۆی تێهەڵقورتێنێت و ڕوحەکانیش سەردانی بکەن. ئەمڕۆ مرۆڤ جیا لەجاران خۆی لەناو مانایەکی توندی «لەناو جیهاندا بوون» دا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی چونکە «لەناو جیهاندا بوون» ئەمڕۆ تەنیا و تەنیا دەبێت واتای «لەناو جیهاندا بوون» بگەیەنێت و بەس.

دەمێک بوو جیهان بەرانبەر بە شتێکی تر و وەک ئەفرێنراوێکی ئەفرێنەرەکەی دادەنرا، زۆر دەمێک بوو ڕووناکی دامەزراوەیەکی ترانسێندێنس کەوتبووە سەر جیهان. جیهان بریتی بوو لە نووسراوێکی خودا، لە تێکستێک بە گراماتیکی ئاسمان ڕێکخرا بوو، یان بۆ ئەوەی وێنەکە بگۆڕین با بڵێین: جیهان بریتی بوو لە ماڵێک کە وەستایەکی ئەودیو دروستی کرد بوو، ماڵێک هەموو بوونەوەرەکان بە ئادەمییەکانیشەوە خۆیانیان تێدا داڵدە دەدا، هەروەهاش گەورەمەندی عەقڵی یەزدانی تێگەیەکی گشتی دابوو بە بوونە ئەفرێنراوەکە. ئەگەریش گەورەمەندێک بێتە ئاراوە، ئەوە دەبێت ئەوە بخرێتە پاڵ خودی خودا خۆی، خودای ڕوحە فیوداڵەکان کەماسی شکۆی نییە، بەڵام گەر جیهان وەک دروستکراوێکی لەخۆوە دروستبووی بێ خودان تێ بگەین، وەک پرۆسێسێکی بێ خودان، کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بەرەو پێش دەچێت تا دەگاتە ئەوەی بوونەوەری وەک ئێمە «دێتە ئاراوە»، ئەوە چیتر ئەم جیهانەمان وەک شوێن نابێت ترانسێندێنسانە لێی تێ بگەین. هیچ یەزدانێکی باڵا بەسەر جیهانەوە وەک هاوپەیمانێکی ئەودیوگەر هیچ فاسیلەیەکمان لەگەڵ جیهانە ڕەهاکەدا پێ نادات. ئەوەی جەمسەرە ترانسێندێنسەکە پاشەکشە پێ دەکات، ئێمەین بەوەی جیهانمان خزاندە ناو گەورەمەندی و زەبەللاحییەوە و خۆشمان لەناو پێچاوپێچەکانی هەناویدا ون بووین. ئەگەر ویستیشمان لە دەرەنجامەکانی تێ بگەین، ئەوە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە ئێمە دەرهاویشتە بوودەڵەکانی تەقینەوەیەکی حەتمین و زەڕنەقووتەی گەشەسەندنێکی سرکین. هەرکاتێک هیچ دەستوور پێ بەخشەرێکی باڵا کاری بە ئێمەی مرۆڤ نەبوو، ئەوە ئیتر جیهان دەبێتە ئەو جیهانەی کە ئێمە هەم تێیداین و هەم لێوەی هەین، جیهانێک دەبێتە گەورەمەندێکی باڵا و کات و شوێنیشی بۆ درێژەپێدانی ئەفرێنراوەکانی دەبێت. لە زەبەللاحی زەبەللاحەوە دێو و درنجی دیاریکراو دەخشێن بەسەر ڕێگا پڕ چاڵوچۆڵ و لینجەکەی گەشەسەندندا و هەر لەو ڕۆژەوە تا دیناسۆری تیرانۆسۆرۆس ڕیکس و بە گەیشتنی بە مرۆڤی هۆشمەند/ هۆمۆ ساپیەنس و ئێستاش ڤایرۆسی ئیبۆلا.

دەکرێت ئاستی فەیلەسووفەکان لەناو پرۆسێسی مۆدێرنەدا بەو ڕۆڵەیان بپێوین کە لە دەستپێکی هەر زەبەللاحێکدا، بە بیرێکی ڕادیکاڵانە، دەست دەکات بە خۆپیشاندنی خۆی وەک جیهانێکی تەواوی خۆبەجیهانیکەر. لە کاتێکدا تیۆلۆگەکان هەر شاگەشکەن بەوەی جیهان وەک دەزگای خودایەکی دەستووربەخش ڕاڤە بکەن، کەچی بیریارانی مۆدێرنە دەبێت جیهان وەک گشتێکی خۆدانەر بخەنە بەر دیدەیان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە هەموو دەرکەوتەیەکی هەر ڕێکخستنێک لەناو جیهاندا ئەزموونێکی ناکۆتای جیهان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە و لە ڕێی هەموو ئەزموونەکانیشەوە چینێکی بنەڕەتییانەی نارێکخستنی سەرەتایی و ناهۆشمەندییەیانە دەردەکەوێت. گشتێکی دانەنراو لێرەدا لەگەڵ ئەم دەستەواژە بەکارهاتووەدا، یان ئەم ناوەدا دەگونجێت، واتە: گەورەمەند/ زەبەللاح Das Un-geheure. ئەمەش بریتییە لە پێویستترین ناوی ڕاستەقینە بۆ جیهانێکی هەمەکییانەی بێدەرەکییانە کە تەنیا لەناو خۆیدا ترانسێندێنسە. لە ئەنجامیشدا دەکرێت بڵێین گەر ڕادیکاڵانە لێی تێبگەین، ئەوە پرۆسێسی سێکولاریزاسیۆن ناشێت هیچ شتێکیتر بێت جگە لە سرووش و لە خۆئاشکراکردنی ئەو زەبەللاحانەی لە سەرکەوتنەکان و وێرانەکانیشدا دێنەپێش و هەم پۆشتەشمان دەکەن و هەم بەکاریشمان دەهێنن. لێرەوەیە فەلسەفەی ڕەسەنی مۆدێرنە بریتییە لە هێرمەنیۆتیکای زەبەللاح وەک تیۆرییەک بۆ جیهانی تاک و تەنیا.